# کوردە ژنکوژەکانی تاراوگە

خەتاب سابیر

لە چەند ساڵی رابردوودا ، ژمارەی ئەو پیاوە کوردانەی ژن دەکوژن لە هەندەران بەگشتیی و لە ئەوروپا بەتایبەتیی روو لەسەرە. ئەم تاوانە مرۆییە گەورەیە سنوورەکانی رامانی مرۆڤی بەزاند کاتێک کابرایەکی سەرمەست بەپیاوەتیی و شەهامەتی نێرانەوە لە شەقامەکانی ئاڵمانیادا ژنی پێشووی خۆی دایە بەر کێردی قارەمانییەتیی و دواتریش بە ئاگری پیاوسالاریی بەبەرچاوی جگەرگۆشەکەیانەوە کڵکۆی دامرکاندەوەو فێنکایی بەدەروونی نەخۆش و ناموسبەرزیی خۆی دا....

نیازم نەبوو شتێ بڵێم یان بنووسم لەسەر کوشتنی بەردەوامی ژنان کە خەریکە دەبێ بەخوو لەناو ترادیسیۆنی دواکەوتووانەی پیاوی کورددا لە هەندەران و لە کوردستان، بەلام برادەرێکی ژاپۆنیی بە ئیمەیلێک تەزاندمی، ئەو دۆستە ژاپۆنییە کە خەریکی لێکۆڵینەوەیەکی سیاسیی و مۆراڵیی و یاساییە لەسەر " بەکارهێنانی چەکی کیمیاویی لەکوردستان و رۆڵی یاسای نێودەوڵەتیی" نەمتوانی و نەمزانی درۆی چیی بۆ بکەم و چۆن وەلامی بدەمەوە کاتێ تایتڵی ئیمەیڵەکەی بەدەق نووسیبووی "کوردە ژنکوژەکانی تاراوگە".

ئەم وتارە کورتە هەوڵێکە بۆ بەراوردکردنی یەکێک لە رەوەندە لاسارو چەتوونەکانی کۆمەڵگاکانی رۆژئاوا کە بە لوبنانییەکان ناسراون و رەنگدانەوەی ئەم دیفاکتۆیانە بۆ سەر ئێستاو داهاتووی رەوەندی کوردیی. بەراوردەکەش لە نێوان لوبنانییەکانی ئوسترالیا و کوردە شەرەفبەرزەکانی تاراوگەدایە. ئوسترالیا لە رووی سیستەمی سیاسیی و کولتووریی و شارستانییەوە بەشێکە لە جیهانی رۆژئاواو بەتایبەتییش لە سیستەمەکانی بریتانیاو ئەمێریکاو کانەداوە نزیکە. بەپێی ئامارەکانی دەزگا پێوەندیدارەکانی ئاژاوەو تاوان لەئوسترالیا، رەوەندی لوبنانیی (ئیسلامییەکان نەک مەسیحییەکان ) پشکی شێریان بەردەکەوێ لە تاوان و دزیی و چەتەیی و دەستدرێژیی سێکسیی و ....تاد.

کار گەیشتووە بەشوێنێک هەرچی سەرڕەش و گەنمڕەنگ و ئەو فیگەرانەی لە مرۆڤەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هەیە بە لوبنانیی دەقەبڵێنرێن و دەناسێنرێن و بە سادەیی و ساکاریی بێزراوترین و ئێسکگرانترین رەوەندی ئاوەکیی تاراوگەن لە ناو کۆمەڵگایەکی فرەکولتوور و فرە نەتەوەی وەک ئوسترالیادا. ئەمە بەرهەمی یەک ساڵ و دوو ساڵ نییە لە کەڵەکەبوونی تاوان لەناو ئەم رەوەندەدا ، بەڵکوو بەدرێژایی دەیان ساڵە تاوان لەسەر کەڵەکە دەکەن.

تاوان و دزیی و کوشتن و دەستدرێژیی سێکسیی بەشێوەیەکی بەرچاو لە وڵاتە رۆژئاواییەکاندا گەشەی کردووە، بەڵام ئەوەی سەیرەو سەرنجی کومەڵگە بەلای خۆیدا رادەکێشێ ئەوەیە، سەرەڕای کەمیی ژمارەی پەنابەران و کۆچکردووان لە چاو خەڵکی لەدایکبووی وڵاتەکەدا کەچیی تاوان لەناو پەنابەران و کۆچکردوواندا زۆر زۆترە لەوەی لەناو سەرجەمی کۆمەڵگەکەدا هەیە.

راسته بێکاریی و هەڵاواردنی راسیستیی  تا رادەیەکی بەرچاو رۆڵی هەیە، بەڵام بۆچیی موسڵمانەکان و عەرەبە لوبنانییەکان زۆرتر ئەم تاوانە قێزەونانە دەکەن؟ بەکورتیی و بە پوختیی هۆکارە سەرەکییەکان لەوەدا دەردەکەون، ئەم مرۆڤە نێرانە عاشق بە پیاوەتیی عەرەبیی و کولتووری  ئیسلامیی ئامادە نین زبڵوزاکەکەی جیهانی عەرەبیی و ئیسلامیی لەمێشکی خۆیان دەربکەن و دەیانەوێ بەسەر کۆمەڵگایەکی رۆژئاوایی و کریستیانییدا بیسەپێنن. لە دواکەوتووترین و پیسوپۆخڵترین دنیای ئیسلامییەوە هاتوون دەیانەوێ لە رۆژئاوادا بەبیانووی ئەوەی ئایین ئازادە ژنەکانیان بچەوسێننەوەو لەپەناوەو بەدزیی یاساوە چەندین ژنیش بێنن. دەیانەوێ فەتوای کوشتنی لەشفرۆش و تەقاندنەوەی ئەوەی خۆیان پێی دەڵێن قومارخانەکان بدەن و لەولاشەوە پارەی سۆشیال بئاخنێننە باخەڵیانەوە کە زۆربەی باجی قومارخانەکان! و لەشفرۆشخانەکانە بە دەربڕینی پیاوە نەفسبەرزو موکەڕەم و موعەزەزەکانیان.

خوێنەر ئەوە بهێنێتە بەرچاوی خۆی، لە هەشتاکانی سەدەی رابردوودا ، ئێمەی کورد کە هیچ هەستێکی نیشتمانییمان بۆ ناسنامەی عێراق و سنوورو جوگرافیای عێراق و دەسەڵاتی سیاسیی عێراق نەبوو، بەڵام زۆربەمان بەهاتنی میسرییەکان بۆ عێراق و کوردستان خۆشحاڵ نەبووین، رەنگە لەباری مۆرالیی و مرۆییەوە هێشتا کورد بەچاوی بەزەیی و رێزەوە باشتر لەعەرەبی عێراق سەیری کردبێتن . بێزراویی میسرییەکان لەبەر هەر هۆیەک بووبێت،  لەبەر ئەوە نەبووە کە وڵاتەکەت لێ داگیر دەکەن، بەڵکوو لەبەر ئەوە بوو رۆڵەکانی خەڵکی عێراق دەکران بە گەرووی جەنگداو ئەوانیش هەموو شوێنێکی کاردکردنیان قۆرغکردبوو بەهەرزانفرۆشتنی بازووی خۆیان و کەمتازۆریش بووبوونە نانخۆری جێگر.

هەمان نموونە بەراوردبکەین لەگەڵ ئەو ئیسلامییانەی لە رۆژئاوادا بڵاوبوونەتەوە، بەرِیشێکی ئاڵۆسکاو گڤنەوە، بەناشیرینترین دیمەنەوە، لە دواکەوتووترین کونجی دنیاوە هاتوونەو جوانترین شوێن و بازاڕەکان دەشێوێنن. لەباشترین دۆخدا لەشێوەیەکی  تەشیلەییدا دەیانەوێ راسانی ئیسلامیی بگەیەنن بەخۆرئاوا. ژنەکانیشیان، بە پۆشتەیی خۆیان دەپێچنەوەو لەهەندێ دۆخدا بەس کونی چاوەکانیان بەدەرەوەیە، سەرەڕای ئەوەی فاکتەری باشن بەدەست راسیستەکانەوە بۆ دژایەتیکردنی کۆچبەران، ئاخر بەڕاستیی دەبنە ورووژاندنی هەستی راسیستیی کاتێک بە ریشێکی درێژو حیجابێکی پڕپۆشەوە دەچنە شوێنە خزمەتگوزارییەکان،  کەچیی هێشتا لە کۆمەڵگە لیبراڵییەکانی رۆژئاوادا چەندین یاسا بۆ سەروەریی و پاراستنی کەرامەتی مرۆییان و دژ بەهەڵاواردنی رەگەزیی هەیە.

ئەم ئیسلامییانە کە دەیانەوێ بە دشداشەی عەرەبیی و بەرگی ئەفگانیی و پاکستانییەوە دیمەنی بازاڕەکانی رۆژئاوا ئاڵاو واڵا بکەن، بە پارەی سۆشیال و کارکردن بەدزییەوە( کاری رەش ) پەیامی ئیسلامیی بڵاوبکەنەوە، گەنجەکانیان بەکولتووری پەلامارو دەستدرێژیی سێکسیی پەروەردە دەکەن، ئاخر چۆن پەلاماری ژن و کچی  مەمک قوت و ناوقەد باریک و قژزەرد نادەن! ئاخر ئەوان بەغەزای دەزانن ژنی گاور بکەن بەنێچیری حەزە پیاوانەکانیان، بۆیە کاتێک لەسیدنی، چوار گەنجی

ئیسلامی لوبنانیی بەشێوەیەکی زۆر درندانە دەستدرێژیی سێکسیی دەکەنە سەر کچەبرادەری یەکێک لەکوڕەکان و بە پلانی کوڕە خۆیشی، ئەوساش شێخی ئیسلامییەکان لە ئوستراليا بەناوی تاجەدین ئەلهیلالیی بیانوو بۆ ئەم کارە قێزەونەو چەندین کاری هاوچەشنی تر دەهێنێتەوە، گوایە ژنان و کچان "خۆیان رووتدەکەنەوەو خۆیان وەک پارچە گۆشت هەڵدەخەن  بۆ پشیلەی برسیی" ، بەواتای بۆ حەزی کوڕان بۆیە پەلامار دەدرێن!.

بیهێنە بەرچاوی خۆت سۆماڵییەک، یەمەنییەک، هەر بەدبەختێکی تری کەمدەرامەت لەهەرشوێنێکی ترەوە هاتووە لەکوردستان کار دەکات، هەرچەندە سیستەمی باجدان لەکوردستان نە"سەر"ی هەیەو نە"بن" ، بەکوردەواریی بڵێین بەدزییەوە کاردەکات کە نابێ کار بکات چونکە یارمەتی لەحکومەت وەردەگرێ، هەقدەستی کرێکارانی کوردستانی زۆر هێناوەتە خوارەوە هاتووە ئاینێکی ترو باوەڕێکی سیاسیی و ئیدۆلۆژییەکی زۆر خراپ بڵاو دەکاتەوە، لەولاشەوە دەستریژی دەکاتە سەر جوانترین کچە خوێندکاری قوتابخانە ناوەندیی و ئامادەییەکان کەتەمەنیان لەخوار هەژدە ساڵەوەیە، بەسێ چوار کەس دەستریژیی دەکەنە سەریی، دزیی دەکەن، باندی مافیایی پێکەوە دەنێن و تاد، ئایا هەڵوێستی خەڵک چیی دەبێت، بێگومان شار بەدەریان دەکەن. هەندێ لە لوبنانییەکان لە رۆژئاوا زۆر لەوانەش خراپتر دەکەن بگرە لەکاری تێرۆریشدا بەشداریی دەکەن.  بەداخەوە وا خەریکە هەندێ لە کوردە  ژنکوژو شەرەفپارێزەکانی ئەوروپاش هەمان کار دەکەن و تاوان لەسەر تاوان کەڵەکەی دەکەن و رووی باندە لوبنانییەکان سپیی دەکەنەوە.

ماوەی چەندین ساڵە لە هەندەران و بەتایبەتیی لەئەوروپادا ژنان و کچانی کورد کەوتوونەتە بەر سۆزی چەقۆو رقی پیاوەمزنیی براو مێردو باوکەکانیانەوە، کوشتنی سابات لە ئاڵمانیا بەدەستی مێردی پێشووی ، تاوانێکە پێویستی بەدواداچوونی قووڵ هەیەو رەهەندەکانی ئەم تاوانەو هۆکارەکانی پێویستیان بەدەیان لێکۆڵینەوەی سوسیۆلۆجیی و  زانستیی و ئاکادیمیی هەیە.

ئەوە چ شەرەفێکی بچووک و لەپێکراوە ، چ شەرەفێکی هیچوپووچە کە پیاوێک دەهێنێتە ئەو ئۆخژنەی لە شەقامەکانی شارستانییترین وڵاتی ئەوروپادا دایکی منداڵەکەی بداتە بەرچەقۆ و دواتریش بیسووتێنێ؟ شەرەف ! کەرامەت! نامووس! و دەیان وشەی بێئابڕووی تر کە پیاوی کورد دەیکاتە بیانوو، خۆی دەکات بەبەرپرس و سەردارو خاوەن ماڵ و خاوەن منداڵ ، بۆ ئەوەی نەبەردێکی کەموێنەو پڕ لەقارەمانییەتیی لە رۆژئاوادا بۆ تەوێلی کورد تۆمار بکات!

ئێمەی کورد لە کوردستانی باشوور ژمارەمان سێ ملیۆن بوو، نیو ملیۆن جاش و بەعسیی و پیاوگەلی دامودەزگاکانی بەعسمان هەبوو ، ئەم نیو ملیۆن جاش و بەعسییە هەر هەموویان شەرەفیان لەبەرپێی قەلاجترین بەعسییدا رادەخست و بەسەر پێڵاوەکانیاندا دەکەوتن ، کەچی لەبەرامبەر شەرەفە خێڵەکیی و ئایینیی و کولتوورییەکەیاندا کە لە ئەندامی زاوزێی ژن و خوشک و دایکیاندا دەیانبینییەوە، ئامادەبوون لەبەرامبەر خۆیان و دووملیۆن نیوەکەی تردا بۆ هەر شەرەفکرینەوەیەک! قەلاچۆی گەرەکێک بکەن، بەڵام هەموویان شەرەف و نامووس و کەرامەتیان بەرامبەر گەجەرترین بەعسیی سفر بوو.

کەم نین ئەو زرتە زەلامانەی لەسەردەمی جاشیەتییداو لەئەنجامی شەڕی خێڵەکییدا لە یەکترییان دەکوشت و  بۆتۆڵە ئەستاندنەوە دەیاندایە پاڵ مەفرەزەو فەوجێکی تر، چەک و تفاقیان لەخۆیان دەبەست و بە ئەندێشە تۆڵەیان لەدەستڕێژکار دەکردەوە، ڕەوە جاشێک برایەکیان لەهەشتاکاندا بەدەستی تاقمێکی تر کوژرا، خۆیان هێناو برد تا ئێستایشی لەگەڵدا بێت جورئەتیان نەکرد تەنانەت ڕێگەش لەتاقمە جاشەکەی تر بگرن، بەڵام هەر کە بیستیانەوە خوشکەکەیان ناپاکیی! کردووە، بەکوڕو بەبرا لەخەودا خنکانیان و شەرەفی رزیوی خۆیان پاککردەوە!.

پیاوی کورد و شەرەفپارێزانی کورد تا کەرامەتی مرۆیی و شەرەفیان لە ئەندامی زاوزێی ژن و خوشک و دایکیاندا بدۆزنەوە هەرگیز لە ئازادیی و شەرەفی مرۆیی ناگەن و ئازادیی تاکەکەسیی و ئازادیی ژنیش هەرگیز ناسەلمێنن. پیاوی کورد تا بە دواکەوتووترین بیروباوەڕیی ئاییینی و خێڵەکییەوە خۆی بە خاوەنی ڕەهای ژن بزانێت و خۆی بەسەردارو خاوەن ماڵ و خاوەن قسە بزانێ هەرگیز نەئازادیی بەخۆی دەدا و نە ڕۆڵێکیشی دەبێ لەدابینکردنی ئازادییە گشتییەکان و ئازادیی نەتەوەکەیشیدا.

کوشتنی سابات لە ئەوروپا بەو دڕندایەتییە بێوێنەیە، نیشانەی جەهلی پیاوی کوردە، نیشانەی بێشەرەفیی پیاوی ژنکوژی کوردە، نیشانەی بێئابڕوویی و بێکەرامەتیی پیاوی دواکەوتووی کوردە. نیشانەی نەبوونی یاساو مافی مرۆڤە لە حکومەتی هەرێم و دەزگاکانی یەکێتیی و پارتییدا. پتر لە چوادە ساڵە  لە کوردستان ، ژنکوژە بێشەرەفەکانی  پیاوی  کورد ژن دەکوژن ، ژن دەفڕێنن و دەستڕێژی دەکەنە سەریان و دەیانخنکێنن و دەیانسوتێنن، یاساو حکومەت و دامودەزگاکانی سۆشیال دیموکرات و لیبراڵ دیموکرات و عەشیرەت دیموکراتی کوردیی هیچیان نەکردووە، تەنانەت لەئاست  هەندێ مەلای تێرۆریستیشدا بێدەنگییان دەنواندو بگرە هاوکارییشیان دەکردن، کە فەتوای کوشتنی مرۆڤە ئازادییخواز و لیبڕاڵەکانی کوردستان و تەقاندنەوەی سەنتەر و سالۆنەکانی ژنانیان تەخشان و پەخشان دەکرد.

ئەم شەپۆلی ژن کوشتن و ژن سووتاندنە، درێژکراوەی کولتووری خێڵەکیی جەهلپەرستیی پیاوی کوردەو لەکوردستانەوە گەیشتووەتە هەندەران، ئەو ڕەوە بێسەرەوبەرەیەی کە لە نەوەتەکانی سەدەی رابردوودا بەلێشاو دەستی پێکردو دووبارەش بەگەرمیی دەستی پێکردووەتەوە، لە ئەنجامی بەرهەمی شەڕی نێوخۆیی و گەندەڵیی و بێبەرنامەیی حکومەتی هەرێم و حیزبە کوردییەکانەوە سەرچاوەی گرتووە، تاوانێک لە ئاڵمانیا بەرامبەر ژنێکی کورد کراوە، بەرپرسیارییەکەی بەس لە ئەستۆی بکوژەکە نییە، حکومەتی هەرێم و دیوەخانی وەزارەتەکانی و پارتیی و یەکێتیی و دواتریش هەموو تاکێکی ویژدان زیندووی کورد کە شەڕ بۆ ئازادیی دەکات بەرپرسە لە تراژیدیای ئەم ژنکوشتنەدا.

دەسەڵاتی سیاسیی کورد، بەلەشکرێ سەرکردەی قارەمان و دەبابەخۆرو رابردووپاکەوە! بەڵام سەرتاپا گەندەڵ وعەشیرەتچیی و نەخوێندەوارەوە  ئومێدی تڵپی تەڕی تێدا نییە بۆ ئەوەی

هەنگاوێ بنێ بۆ لای کەم هێنانەخوارەوەی رێژەی ئەم تاوانانە چ لە کوردستان و چ لەناو کوردەکانی تاراوگەدا، بەڵام بەڕاستیی رۆڵی رۆشنبیرانی کوردە کە بەهەرشێوەیەک بۆیان دەکرێ لای کەم رۆڵ ببینن لە کەمکردنەوەی تاوانی ژنکوشتن و پەرەپێدانی ئاستی هۆشیاریی تاکی کورد بەگشتیی و کوردانی تاراوگە بەتایبەتیی. ئەگەر کارێک، کەمپەینێک نەکرێ و لەچوارچێوەی سەرکۆنەکردن و بەیاننامەی نارەزایەتیی نەبرێتە دەر و کۆمەڵایەتیی نەکرێتەوە و ئاستی هۆشیاریی و رۆشنبیریی تاکە پەرتەوازەو دابڕاوەکانی رەوەندی کوردیی لەهەندەران بەئاگا نەهێنرێنەوە لە بەرامبەریشدا سزای توندی ژنکوژەکانی ناو کوردستان نەدرێ، بەدڵنیاییەوە لەماوەیەکی کورتدا کوردەکانی تاراوگەش تەوێڵیان وەک تەوێڵی لوبنانییەکان دەناسرێ و میدیای رۆژئاواش بەزەیی بەکەسدا نایاتەوە.